www.kurdistannet.org

# (لە گۆشـەنیگای جیاوازەوە)
# گۆشـەنیگایەکی جیاواز لە حەمەسـەعید حەسـەن

**بۆتان تەحسـین**

دوا چاپکراوی حـەمـە سـەعـیـد حـەسـەن لـەم ڕۆژانە لە دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە لەژێر ناونیـشـانی (لەگۆشـەنیگای جیـاوازەوە) لە کتـێـبـێکی قـەبارە ۸۸ لاپەڕەیی بڵاوکـرایەوە، تایبـەتمـەندی ئەم کـتـێـبـە لـە دوو لایەنەوەیە. لایەنی یەکـەم تەوەری باسـەکە و لایەنی دووەمـیش نووسـەری کتێبـەکەیە، کە تایبەتمـەندی خۆی هـەیە و ناوەرۆکی چاپکراوەکە تا ئەندازەیەک دوورە لە سـروشـت و جۆری ئەو بابەتانەی کە نووسـەر لـە مـاوەی سـاڵانی دواییـدا پێ ناسـراوە، ئەگەر چی وەک پسـپۆری و بواری نوسـین حەمـە سـەعـیـد حـەسـەن توانی وەک ڕەخنەگرێکی ئەدەبی توانی بیسـەلمـێنێ کە دەسـتێکی باڵای هـەیە بەرهـەمی ( زەردەخەنەی هـەنسـکیش ) گەواهـیدەری ئەم ڕاسـتـیـەن ، بەڵام لە چەند سـاڵی ڕابردوو ئامـادەیی سـاتیـر و ئەدەبی گـاڵـتـەجـاڕی حـەمـەسـەعـیدیش کەم تا زۆرێک کاریگەرترین و خـاوەن زۆرترین ژمـارەی خوێنەر بووە، تەنانەت ناوی نووسـەر وەک دیاردەیەک لە نێـو ڕەوتی ڕۆشـنبـیـری کـوردی دەرکـەوت و ڕێبـازی نووسـینەکەی ڕەنگدانەوەی خۆی بەسـەروتاری کلتـوریدا سـەپاند، زێدە باری پەیوەسـتکردنی خوێنەرێکی زۆر بەم جۆرە نووسـینانە، توانی ژمـارەیەکی زۆر لە قـەڵەمی تازە بەلای ئەو شـێوازەی نووسـینە ڕاکێـشـی و نەوەیەکی نوێ لەسـەر تایبـەتمـەندییـەکانی ئەو ڕەوتە ڕابهێنێ. هـەر بۆیەشـە لە هـەر پرۆسـەیەکی کێـومـاڵکردن و بەدیکۆمـێنت کـردنی ئەم وێسـتگەیە لـە ژیانی فـەرهـەنگی کوردی دەبێ ناوی حەمەسـەعید حەسـەن وەک شـوناسـی قۆناغـەکە بناسـرێ.

دەسـتـبـەری پێگەیەکی ڕۆشـنبـیریی وەک ئەوەی حـەمـەسـەعـیدیش پێی گەیشـتووە بۆ چەند فـاکـتـەرێک دەگـەڕێتـەوە، هـەندێکیـان پەیوەندی بەخـودی نووسـەر هـەیە هـەروەک دەربڕینی هـەڵوێسـت و بوێری و پاراویی زمـان و سـادەیی شـێوازی گەیاندنی و مـەوسـوعی بوونی قـەبارەی ڕۆشـنبیری و دانەبڕان و بەدواداچوونی ڕووداو و پێشـهاتە سـیاسـی و کۆمـەڵایەتییـەکان. هـەندێ لە فاکتەرەکانیش گرێدراوی ئەو تازەگەرییانەیە کە بەسـەر کەناڵەکانی خسـتنە ڕووی نووسـین و بەرهـەمـە فـیـکرییـەکاندا هـاتووە. لـە سـەرووی ئەمـانەش ئەو کـرانەوەیەی کـە وەک تـەوژمـێکی جیهانی لە ماوەی چەند سـاڵی ڕابردوو هـەڵیکرد.

نووسـینە تەنزئامێزەکانی حەمەسـەعـید حەسـەن وای کرد لە نەسـت (لاشـعـور)ی خوێنەر و شـەیدایانی ئەم جۆرە ڕێبـازەی نووسـینە ناوی نووسـەر لەتەک دەقی ڕەخنەی ئەدەبیدا وەک ئاماژە و مـانای ڕەخنەیی و ڕەتکردنەوە و ئاراسـتەی دژ و ڕای بەرامـبـەر و جیاوازی خۆی بناسـێنێ من بۆ خـۆم لە خـوێندنەوەی کـتـێبی لە (گـۆشـەنیـگایەکی جیـاوازەوە) ئەو حـاڵەتەم بەدی کـرد، بەنەفـەسـی خوێندنەوەی سـاتیر و ئەدەبی گاڵتەجاڕی دەسـتم بەخـوێندنەوەی کرد، بەڵام کاتێک لە ناوەرۆکـەکـەی قـووڵ بوومـەوە جـیـهـانێکی تەواو جـیـاوازم بەدی کـرد وەک لـەوەی لـە خـەیاڵ

www.kurdistannet.org

خۆمدا پێشبینیم دەکرد. لەم بەرهەمەدا توانیویەتی گرێیە کوێرەکان لە قاڵبی دەمەتەقێ یانیش بابەتی وەرگێردراو دەستنیشان بکات. تەوەری هەر باسێکی ئەم کتێبە هەروەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێ لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەیەوە، بەڵام خاڵی هاوبەش لە نێوان تەوەرەکان بریتییە لە یەکگرتوویی ئاماجی کتێبەکە چونکە باسەکان گەلاڵەی ئەو گرفتانەیە کە ئەمڕۆ لە ژیانی پڕ جەنجاڵی ڕۆژگاردا مرۆ تووشی دێ، نووسەر بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا وەک پسپۆرێکی دەروونناس وردی دەکاتەوە بەشێوەزارێکی سادە وا دەیخاتەوە پێش، خوێنەر هەست بەهیچ زەحمەتییەک و ماندووبوونێک لە خوێندنەوە ناکات، هەر ئەمەش وای کردووە بەرهەمەکە لە بەرهەمی نووسەری گەورەی میسری (رجاء النقاش) بچێ کە بەناوی (تأملات فی الانسان) نووسیویەتی.

بەهرە و لێهاتوویی و توانای حەمەسەعید لەم کتێبەدا چەندین دیوی کەسایەتی ئەو زاتە دەردەخات کە توانای نووسەر بەتەنها لە فەزای ڕەخنەی ئەدەبی وتەنزی ڕۆژنامەنووسی قەتیس نیە ، بەڵکو لە بابەتی (منداڵ)دا وەک ڕێنوینیکەرێکی کۆمەڵایەتی هێڵی گشتی پەروەردە کردنی منداڵ دەردەخات، لە بابەتی (ماچ)یشدا وەک کۆمەڵناسێک ئەو پرسیار و گرێ کوێرانەی ورووژاندووە کە چوارچێوەی حەرامکراویان بۆ بەئەنجام گەیاندنی حەز و ئارەزووە سروشتییەکان داناوە، لە بابەتی (پەیامنێرتان لە سەرایيڤۆ)ش نووسەر لە ڕێگەی وەرگێڕانی بیرەوەرییەکانی (زلاتا) دەرهاوێشتە وماڵوێرانییەکان شەڕ دەخاتە ڕوو. لە بابەتی (ئەو هێژایانەی دەپڕخێنن)یش دەرئەنجامەکانی ئەو دیاردەیەی، باسی کردووە کە گەلێک جار شیرازەی خێزانێک لێک هەڵدەوەشێنێ. تەوەرەکانی ئەم کتێبە زادەی ئەوەیە کە گۆشەنیگایەکی تازە بۆ حەمەسەعید بهێنرێتە ئارا کە بتوانرێ بە دیوەکانی دیکەی ئەو کەسایەتیەدا بچینەوە، کە تاڕادەیەک توانیویەتی بیسەلمێنێ حەمە سەعید دیوەکانی دیکەشی گەلێک هێژان.